کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:40 31-3-2007

## سێکس وبیانووی تر ... شکۆمەند ئیسماعیل حەمەد

ئەوەی لەم کۆمەڵگایەدا پڕە لە قسەو بەتاڵە لە کردەوە هێزە ئیسلامیەکانن، ئەوانەی دەیانەوێت گۆشاوگۆش هەرچی پرۆژەی رۆشنگەری هەیە سەر ببڕن وهەموو گەشەو شارستانیەت ومەدەنیەتێك لە جەستەی ژن وسێکس وئەو مەسەلەیەدا کورت بکەنەوە، کەمتەرخەمی وبێ پلانی عەلمانیەکان مایەی گەشە کردنێکی بێ مانای ئیسلامیەکانە لەکوردستان.. بۆیە ناکرێت چیتر بەدیار ئەو هەموو ئەتك کردنەی رۆژانە بێ دەنگ بین کە بەرامبەر کرانەوەو ئازادی تاکەکەسی ئەم هەرێمە دەکرێت.. ئیسلامیەکان هیچ خەمێکی تریان نیە جگەلە موحەجەبە کردنی کۆمەڵگای کوردی.. جگەلە نوێژوو زەکات ومزگەوت.. ئەوەی کە زۆریش جێگای نیگەرانیە ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان کەوتۆتە ژێر کاریگەری ووتارو ئامۆژگاری ولێدوانەکانیانەوە، بروایان پێ دەکەن.. کە ئەمەش جێگای نیگەرانیە چونکە کوردستان لەبەردەم ئەزموونی دووبارە بوونەوەی ئەفغانستانە.. ئیسلامیەکان بۆنە ئاینی یەکان بەجۆرێك ئیستغلال دەکەن کە تەواوی سەرنجی کۆمەڵگای کوردی پێ رادەکێشن.. ئەمەش خەتەرە چونکە کوردستان تازە خەریکە بەرەو ئازادیە فەردیەکان دەروات.. باشە من دەپرسم بوونی ئازادی سێکسی چ کاریگەریەك بە خراپی جێ دەهێلێت ئەگەر رێکخراو بوو.. ئایا سێکس بۆچی هێندە لەلای ئیسلامیەکان خەتەرە و جەستەی ژن هێندە بێزراوە.. بەراستی دەبێت لەوە تێ بگەین ئەوان ئەمڕۆ سێکس حەرام بکەن وژن بکەنە موحەجەبە.. ئەوا بەیانی خواردنەوەو هەڵپەڕکێ وخۆ جوان کردن وریش تاشین وخۆشەویستی وگۆرانی وموسیقاو جوانی قەدەغە دەکەن و هەزاران مرۆڤ دەکەنە قوربانی عەقڵە دینی یە داخراوەگانیان.. بۆیە دەبێت خەڵکی ئازادی خواز لە ئەودیوی دژایەتی ئیسلامیەکان بۆ سێکس وکچی ئەم وولاتە تێ بگەن. ئیسلامیەکان لەوەتەی هەن بەس قسەیان هەیە هەر دینی ئیسلام لەوەتەی هەیە پڕە لە قسەو کەچی هیچ رۆشنگەری وتەکنەلۆژیایەکمان نەبینی بەرهەمی ئەو دینە بێت... تازە بەتازە دوای ئەو هەموو گۆرانە گەورەیەی کە دنیا بە خۆیەوە بینیویەتی کەچی باسی ئیمامی عەلی و عمرو ئەبوبەکر دەکەن وهەرچی مانای تازەگەریان هەیە لە فەرهەنگیان نیە.. من وەکو مرۆڤ دەیانخەمە سەر سەرم وچاوم ولە باوەشیان دەگرم بەلام وەکو فکری دینی ئەوانە زۆر خەتەرن وبە هەڵە دا چوون، چونکە خودا ئەو داخراوە و ئەو دڕندەیە نیە کە ئەوان لە مینبەری مزگەوتەوە نەڕە نەڕیانە وپڕن لە مەهاتەرات وجنێو بە دەرەوەی ئیسلام وپرۆژەی کرانەوە.
ناکرێت چیتر بەدیار نابووت کردنی ئینسانەوە بوەستین ووریای جەهالەتی ئیسلامییەکان نەبین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.